# چاوپێکەوتنی کوردستان نێت لەگەل هونەرمەند محەمەد ڕەوف کەرکوکی

## محەمەد ڕەوف کەرکوکی بۆ کوردستان نێت :

(من لە کەرکوك لەدایك بووم و هونەرەکەشم لە سلێمانی)

سازدانی چاوپێکەوتن : بەختیار شێخ مستەفا



*دەنگێکی هێمن و کەسایەتیەکی لەو هێمنتر، زۆر پەرۆشی ئەوەیە کارەکانی جوان بن، ڕای زۆرترین خەڵك وەرئەگرێت لەسەر بەرهەمەکانی. . تەنانەت یەکێك لە گۆرانیە هەرە ناسراوەکانی (سڵاو ئەی خەم) دوبارە تۆمار کردەوە، چونکە بڕوای وابو ئەوکارە هەقی خۆی نەدراوەتێ و دەتوانرێ جوانتر پێشکەش بکرێت.*

*هونەرمەند حەمە ڕەوف کەرکوکی لە دوای ڕاپەڕینەوە بەماوەیەکی کەم گۆرانیەکانی لە ڕێگەی ڕادیۆو تیڤیِیەکانەوە پەخشکراو هەر زوو لای خەڵك ناسرا و جەماوەرێکی زۆر پێشوازیان لە گۆرانیەکانی کرد. . کۆمەڵێك بەرهەمی جوان لە (هۆ خەجێ گیان) بۆ (بەرات) و (سڵاو ئەی خەم) تا (ئاسەوار) و (پێکی عەتر) بەردەوامی هونەرەکەی ڕاگەیاند، هەر هێندەی ناسیت حەز بەتێکەڵی دەکەیت، بڕوانە شوێنی کارەکەی کە بریتی‌یە لە دوکانێکی زستانان سارد و هاوینان مرۆڤ پڕوکێن، کاکە حەمە بەدەم قسەکردنەوە خەریکی بڕینی پارچە قوماشێکە ... کەمێك سەر هەڵبڕە لەسەریەوە وێنەیەکی هونەرمەندی گەورەمان علی مەردان هەڵواسراوە ... دوکانەکەش زۆر جار جمەی دێت، کۆمەڵێکی زۆر لە شاعیر و نوسەر و موزیکزان و هونەردۆستان بەردەوام هاتوچۆی دەکەن. . کاکە حەمەش بەردەوام بە ڕووی گەشەوە پێشوازیدەکات.*

*ئێستا کاکە حەمە لە جاران زیاتر ماندوە. . سەرباری کاری هونەری وهەوڵی بەردەوامی دابینکردنی بژێوی ژیان. . تەندروستی ڕوو لەخراپی بوو. . بەڵام خۆشبەختانە بە گیانێکی لەخۆبردوانەوە شکستی بە نەساغی هێناوە و ئێستا لە دوا قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی سیدیەکی نوێدایە ...بۆ ئاشنا بون بە بەرهەمە نوێکانی و باسکردنی چەند لایەنێکی هونەری لە گۆرانی و موزیکی کوردی بەم چەند پرسیارە ڕوومان تێکرد.*

*کوردستان نێت : لەو ماوەیەی پێشودا دووچاری نەخۆشیەك بویت کە کاریگەری هەبو لەسەر هەمو ژیانت وە بە شێوەیەکی تایبەتی بوە هۆی دابڕانت لە کاروباری هونەری، دەمەوێت تامەزرۆیانی دەنگت لەوە دڵنیا بکەیتەوە کە ئەوە قۆناغێکی کاتی بووە.*

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : بەڵێ، ماوەیەك بەر لەئێستا لەئەنجامی هەڵەی لێدانی دەرزیەوە تووشی نەخۆشیەکی گران بوم کەزۆر کاری تێکردم، ئێستا ناوە ناوە سەرهەڵئەداتەوە، بەڵام دڵنیاتان دەکەم کەعەشق و خۆشەویستیم بۆ هونەر زاڵ ئەبێت بەسەر نەخۆشیەکەمدا و هەربەردەوام ئەبم لە بەخشش.

***کوردستان نێت : هێندەی ئێمە ئاگادارین سەرقاڵی سیدیەکی نوێیت. کەی ئەم سیدیە دەکەوێتە بازاڕەوە و ئەگەر بکرێت باسێکی ئەو بەرهەمانە بکەیت کە ئەم سیدیە لەخۆی دەگرێت ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : ئەوە ماوەی ساڵونیوێکە سەرقاڵی سیدیەکی نوێم بەناوی (ناڵەی دڵ) ، ئەم سیدیە نۆ گۆرانی لەخۆگرتووە، لەشیعری شاعیران (وەفایی، شێخ سعید حفید، قوبادی جەلی زادە، دلاوەر قەرەداغی، عیرفان ئەحمەد، سایر صدیق، حمە عزیز و أ. ب. هەوری) هەروەها ئاوازەکلن جگە لە دووئاواز کە هی خۆمە، لەلایەن هونەرمەندان (غەمگین فەرەج، بڵند قەرەداغی، عمر عبداللە، حسن کامگار، کارزان مکورجی، علی مەردان) دانراوە، موزیکی گۆرانیەکانیش لەلایەن موزیکاران (عادل محمد کریم، گۆران کامل، بڵند قەرەداغی، عادل حسن، کارزان مکورجی، سەفین خەراجیانی، عمر عبداللە) ئامادەو دابەشکراوە، وا بڕیاریشە کە لە کۆمپانیای (ستران میوزیك) لە وڵاتی سوید بڵاوببێتەوە.

***کوردستان نێت : بەردەوام کێشەیەك هەیە لای هونەرمەندانی خۆمان، ئەویش کێشەی تۆمارکردن و پاشان بازاڕە، ئەوەی تێبینی دەکرێت گۆرانیبێژ ئەرك و ماندوبونێکی زۆر دەکێشێت و پارەیەکی زۆر سەرف دەکات تا کاسێتێك بەرهەم دێنێت، بەڵام دواجار دەزگایەك یان کۆمپانیایەك نیە بۆ بەبازاڕ خستنی بەرهەمەکەی ؟ تۆ چارەسەری گونجاوی ئەو کێشەیە چۆن دەبینیت، ئایا خودی خۆت توانیوتە بۆ ئەم بەرهەمە نوێیە لایەنێك پەیدا بکەیت کە لانی کەمی ئەو پارەیەت دەستخاتەوە کە چۆتە بری تۆمارکردنی گۆرانیەکانت ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەبێت کۆمپانیای تۆمارویەخش هەبێت و مافی هونەرمەندانی تیادا پارێزراوبێت، جا ئەوجۆرە کۆمپانیایە ئەهلی بێت یان حکومی بێت، ئەوە لە هەمو وڵاتانی جیهان پیادەو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لەبەر نەبونی ئەو جۆرە کۆمپانیایانە لەکوردستاندا، ناچاربووم لەدوایین بەرهەممدا پەنابەرمە بەر کۆمپانیای (ستران میوزیك) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جوان لەهەموو ڕوویەکەوە بڵاوببێتەوەو هیچ نەبێت تیایدا زەرەرمەند نەبم.

***کوردستان نێت : هونەرمەند هەمیشە خاوەن پەیامێکی هونەریە، گۆرانیبێژیش لەڕێگەی گۆرانیەکانیەوە پەیامی خۆی پەخش دەکات، محمد ڕەوف ئەیەوێ گوزارشت لەچی بکات ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : من هەمیشە لە گۆرانیەکانمدا بە دوو مەودا کاردەکەم، یەکێکیان ڕەسەنایەتی گۆرانیەکەیە لەهەموو ڕوویەکی هونەریەوە، مەوداکەی دی پەیامی بەرجەستەکردنی هەست و نەست و گوزارشتکردن لە سۆز و خۆشەویشتی و ئاسودەیی و خەمە پیرۆزەکانی مرۆڤ ونیشتمانە.

***کوردستان نێت : ئایا محمد ڕەوف گوێ لە موزیکای غەیرە کوردی دەگرێت ؟ بەگشتی ئەو بەرهەمانەی گوێی لێدەگرێت کامانەن ؟ تا چەند بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی هونەرەکەت، واتا لە چ ڕوویەکەوە توانیوتە سوودی لێوەربگرێت ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : بەڵی گوێ لە بەرهەمی هونەرمەندانی فارس وتورك و عەرەب دەگرم و سوودیان لێوەرئەگرم، دیارە وەك گواستنەوەو لێوەرگرتن نا، بەڵکو لە ڕووی تەکنیك و ئەداو تایبەتمەندی و چۆنیەتی تواناو بەهرەکانیان.

زیاتر گوێ دەگرم لە هونەرمەندان (شجریان، علی رضا ئیفتیخاری، بولانت ئیرسۆی) چونکە خاوەن قوڕگێکی زۆر بەتوانان.

***کوردستان نێت : من بەش بە حاڵی خۆم هەست ئەکەم هەندێ جار تۆ خۆت دوبارەدەکەیتەوە، ئایا هەمان هەست هەیە لای تۆش ؟ بەڕای تۆ هونەرمەند چۆن دەتوانێت وابکات خۆی بەدووربکات لە دووبارەکردنەوەی خۆی ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : بەتەئکید وایە، چونکە زۆربەی ئەو گۆرانیانەی من ووتومە ئاوازی خۆمن، دیارە هەندێ جار من ناتوانم ناوی لێبنێم دووبارەکردنەوە، بەڵکو شێوازەکە نزیکن لەیەکەوە، من پێم وایە ئەگەر ئێمەی گۆرانیبێژان شارەزای موزیك بووینایە تووشی ئەو کێشانە نەدەبوین.

*کوردستان نێت : وەك دەبینین لە ولاتان چەندین دەزگای تایبەت بەدروستکردنی ئەستێرەی هونەری هەیە کە بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی گەورەکردنی کەسێکی دیاریکراودا دەبن، بێگومان لای ئێمە هیچ دەزگایەکی لەو جۆرە نیە بەڵام ووتەیەك هەیە دەڵێت " لێرە چەندین دەزگا هەیە بۆ کوژاندنەوەی ئەستێرەی هونەری " ، تۆ تا چەند هاوسۆزی لەگەڵ ئەو ووتەیەدا، تۆ وەك هونەرمەندێك جگە لە هەوڵەکانی خۆت و موزیکارەکانی هاورێت کامە دەزگا و کۆمپانیا پشتگیری کردویت ؟*

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : بەڵێ لە ولاتە پێشکەوتوەکاندا دامەزراوەی ئەهلی وحکومی واهەن کە دەتوانن لەهەندێ هونەرمەند ئەستێرەیەکی جیهانی بەرهەم بهێنێت، لای ئێمە وەك خۆمان دەزانین لەو جۆرە دامەزراوانە نیە، چونکە لێرە هونەر نەبوە بە پیشەسازی و بەرهەمهێنان، ئەوە وایکردوە هونەرمەندی ئێمە زۆربەی خەونەکانی بەجێماوی بەجێ بهێڵێت !

*کوردستان نێت : ئێستا لە کوردستان چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو هەیە. . هەر بۆنمونە لە شاری سلێمانی 10 تا 12 کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆ هەیە جگە لەژمارەیکی زۆر لەوە زیاتریش ئیستگەی رادیۆیی هەیە، سەرباری ئەوەش کورد خاوەنی سێ کەناڵی ئاسمانیە، تۆ سیاسەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چۆن هەڵدەسەنگێنیت ؟ بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکان تا چەند لە ئاستی بەرپرسیارێتیدان ؟*

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : خۆشە بۆ میللەتی کورد لەدوای مێژوویەك لەدەست و دەم بەستراوەیی ئێستا خاوەنی ئەو هەمو دەنگ و ڕەنگەیە، جاران کاسێت وگۆرانیەکان بەدەست لەکوردستانی عیراق وئێران وتورکیاوە ئاڵوگۆڕ دەکران بەڵام ئێستا تەنها بەچەند چرکەیەك دەگاتە هەمو جیهان، ئەمە وەك عەشقی هونەرمەندێکی کورد سەبارەت بە ئایندە، بەڵام دیارە چەمیش بێ چەقەڵ نابێت.

*کوردستان نێت : ئەوەی ئاگاداری گۆرانیەکانت بێت تێبینی ئەوە دەکات تا ئێستا لەگەڵ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر موزیکزان کارت کردووە، زۆری برِی ئەو موزیکزانانەی کارت لەگەڵ کردون بۆچی دەگەڕێتەوە ؟ کامیان زیاتر هیواو ئارەزووە هونەریەکانی تۆ بەرجەستە ئەکات ؟*

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : لە ڕاستیدا من بەسوپاسەوە دەڵێم زۆربەی ئاوازدانەرە داهێنەرەکان کاریان بۆ کردووم لەشاری سلێمانی، من باوەڕم بەکاری تیپەو کاری هەمەچەشن، من لەکەرکوك لەدایك بووم وهونەرەکەشم لە سلێمانی. پەیوەندی من بەو موزیکارانەوە لەسەر بنەڕەتی کاری نەمرو داهێنەرانە بووە و هەمومان هەوڵمان داوە درەختێ بڕوێنین هیچ ڕەشەبایەك لەبنی نەهێنێت.

ساڵی 1991 مامۆستا (دلێر حسین) دەرگایەکی بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی لەهەوای ئازادیدا بتوانم خزمەت بەهونەری میللەتەکەم بکەم، سەرەتا بەچەند گۆرانیەك هاتمە بوارەکەوە وەکو (خەجی خەجان و پەیمان و چەندینی تر) ، هەر مامۆستا دلێر وایلێکردم ئاشنا ببم بە هونەرمەندانی شاری سلێمانی کە باوەشی گەرمیان بۆم کردەوە، بەڕای من موزیك بارانەو باخچەی گۆرانی ئاودەدات، گەر ئەو بارانە نەبێت ئەو باخچەیە ووشك ئەکات.

*کوردستان نێت : تێبینیەکم هەیە کە محمد ڕەوف پەیوەندیەکی پتەوی لە گەڵ زۆرێك لەو شاعیرانە هەیە کە شیعرەکانی کردون بە گۆرانی، تۆ وەك ئاوازدانەرێك ئەو پەیوەندیە چۆن دەنرخێنیت ؟، ئەی ئەگەر پەیوەندیەکە تەنها پەیوەندیەکی ڕۆحی بێت چۆنە، بۆ نمونە ئەوەندەی من ئاگادارم محمد ڕەوف پەیوەندیەکی ڕۆحی بەتینی هەیە بە شاعیری گەورە وەفاییەوە، ئایا پەیوەندی ڕۆحی بەس نیە لە نێوان شاعیر و ئاوازدانەردا ؟*

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : سەرەتا پەیوەندی من بە شیعرەوە پەیوەندیەکی رۆحیەیە، پاشان ئەو پەیوەندیەیە پێش دەکەوێ و فیکریش داگیر ئەکات، ئا لەوێدا من بڕیاری ئاوازدانان ئەدەم و بەرەزامەندی خۆم وگوێگران تۆماری ئەکەم، دیارە شیعر بەرهەمی دەست وچاوی شاعیرە، من کەشیعرەکەم خۆشبوێت خاوەنەکەشی وەك شیعرەکە لام خۆشەویستە، بە وتەی برای شاعیر (جەمال غەمبار) یادی بەخێر، کەدوکانەکەمی ناو نابوو (قەلەندەرخانە) ، لەم دوکانەوە ئاشنایەتی رۆحیم بەرجەستە کرد لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی ئەمڕۆ لەهەمان کاتیشدا توانیم نزیك ببمەوە لە شیعرە کلاسیکیەکان وەکو شیعری نالی، وەفایی، بەختیار زێوەر.

***كوردستان نێت : هوزام ئەو مەقامەیە کە محمد رەوف ئیشی لەسەر ئەکات و زۆرێك لە گۆرانیەکانت بەرمەبنای ئەو مەقامە دانراوە، هەڵبژاردنی تۆ لەسەر چی وەستاوە بۆ ئەو مەقامە، ئایا پەیوەندی بە حەزی تۆوەیە یا هۆی هونەری لەپشتی ئەو هەڵبژاردنەوەیە ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : پێم وایە هەردوو مەقامی (بەیات و هوزام) سۆزێکی سەیریان تێدایە و خۆشبەختانە لەگەڵ شێوازی دەنگی مندا گونجاون، هەر بەو هۆیەشەوەیە بەزۆری لەئاوازەکانمدا بەکارم هێناون.

***كوردستان نێت : هیچ هەوڵێکت هەیە لەبواری بەرەوپێشچونی دەنگ وئەدا ؟ ئەو ڕاهێنانەت چۆنە ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : زۆر بەداخەوە لەبەر نەبونی جێگای تایبەت بە ڕاهێنانی دەنگ و سەرقاڵی بژێوی ژیان، لەماڵەوە کرێچیم و لەدوکانیش نامەوێ دراوسێکان ئیزعاج بکەم. کاری ڕۆژانەی دوکانەکەم کاتم بۆ ناهێڵێێتەوە تا بچم لە دەزگایەکی هونەری ڕاهێنان بەدەنگم بکەم، ئەی لە کوێ پرۆڤە بکەم ؟!!

***كوردستان نێت : تا ئێستا هیچ ئاوازێکت چریوە هەست بکەیت لەگەڵ ڕووبەری دەنگی تۆدا نایەتەوە ؟ ئەگەر ئاوازێکی جوانیان پێدایت بەڵام هەستت کرد لەگەل دەنگی تۆدا نایەتەوە، چی ئەکەیت بۆ ئەوەی ئەو ئاوازە جوانە نەمرێت ؟***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : ئەو گۆرانیانەی پێشتر ووتومە چ ئاوازی خۆم بوبێت یا هونەرمەندانی تر، میلۆدیەکانی بەو شێوەیە قورس نەبون و بەگشتی لەگەڵ ڕووبەری دەنگما گونجاون، من بە شێوازی دەنگی خۆم مامەڵەم لەگەڵ ئەو ئاوازانەدا کردووە کە پێمدراوە، بەڵام لەدوا بەرهەممدا بە ئەزمونێکی نوێتر گۆرانی دەچڕم کە دوورە لە شێوازی گۆرانیەکانی پێشووم بەتایبەتی لە ڕووی ئەداوە.

***كوردستان نێت : حەزئەکەم دوا ووتەت ئاراستەی کوردستان نێت بکەیت.***

محەمەد ڕەوف کەرکوکی : هیوای سەرکەوتن و خزمەتی باشتر بۆ کوردستان نێت دەخوازم.

هونەرمەند لەچەند دێڕێکدا :

- لەساڵی 1956دا لەبەرتەکیەی کەرکوك لەدایك بووە.
- هەرلەوێ بەئەوینی گۆرانیە ڕەسنەکان گۆشکراوە.
- لەماوەی حەڤدە ساڵدا ئەوەی هونەرەکەی خواستبێتی کردویەتی وتا ئێستاش بەردەوامە.
- خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە بەناوی (شارۆ) و (شانۆ) .
- ئێستا دانیستوی ساری سلێمانیەو پیشەی بەرگدرووە.